www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 8:24 27-10-2006

## کی ماوه مان نهگریّت؟ ... زهكهريا مهحمود

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا دوای گۆرانکاریەکانی ناوچەکە و کردنەوەی بیری کوردی بە روی بنەماکانی دیمۆکراسی و مافە مەدەنیەکانی، خەڵکی کوردستان کەوتنە داکۆکی کردن لە مافە پێشەلکراوەکانی پێشترو ئێستایان تا ئەو رادەی کە کوردستان چەندین خۆپیشاندان و نارەزایی بە خۆیە بینی هەر بەو هۆیەوە خەڵك دوچاری گرتن و راوەدونان بوونەوە لە لایەن دەسەڵاتەوە. ئەو جۆرە دەربرینەی نارەزایی هەرچەند یەکێکە لە مافەکانی خەڵك بەڵام زۆر جار بە خراپ دەشکایەوە بە سەر خاوەن مافەکاندا ئەویش هەر دوبارە لە لایەن ئەو دەسەڵاتەوە بوو کە ئامانجی نا رەزاییەکەبوو بەڵام بە هەموو بێ روویەکەوە لە راگەیاندنەکاندا مافخوراوەکانیان تاوانبار دەکرد کە ئەوە شێوازی داواکاری ماف نیە و هەر بەو پاساوە خەڵکیان چەواشە دەکرد و خۆیان لە داواکاری خەڵکی گێل دەکرد. بە داخەوە کە ئێمەی کورد هەمیشە فێر بووین پاساو بۆ کارە هەڵەکانی خۆمان ئەهێنینەوە هیچ کات خۆمان بە هەڵە نازانین وەك ئەوەی کە بینیمان لە چەند ساڵەی دوایدا.

بەڵام ماوەیەکە هەر ئەو خەڵکە مافخوراوەی کوردستان کە گیریان بە دەست گەنەڵی و دزە چاوچنۆکەکانەوە خواردووە نازانرێت کە خەریکی چین و چیان کردووە کە ئەوا ئەوەندە خەڵك لێیان نارازیە، هەر چەند خۆشبەختان تا کۆتا مانگ لە پشتی هەورەوە نامێنێتەوە هەر رۆژێك دێت ئەوانیش وەك هاورێکانیان فایلی کار و چالاکییەکان ئاشکرا دەبێت و تەنها رورەشیان بۆ دەمێنێتەوە.. ئەوەی کە مەبەستە تا کەی ئەم نارەزاییە. ئایا کی سوودمەند بووە لەم دەسەڵاتە وەك ئەوەی کە دەبینین رۆژانە جیل و ئاستە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردی نارەزایی دەردەبرن و ماندەگرن و هەرەشە لە دەسەڵات دەکەن. ئایا دەسەڵات لەم نا یەکسانیە ئاگادار نیە یان خۆی بێئاگا دەکات _؟ ئایا کێی تر ماوە مانبگرێت وە یان خۆپیشانان نەکات تا هاوار و دەنگی خۆی بگەیەنێت بە دەسەڵاتی خەوتوو. ئایا هەر دەبێت بەم شێوازانە دەسەڵات بە ئاگا بهێنینەوە تا بزانێت کۆمەڵگاکەی گرفتی هەیە. جا سەیر لەوەدایە دوای ئەو هەموو هەوڵانەی کە خەڵکی مافخوراو دەیکەن بۆ وە ئاگا هێنانەوەی دەسەڵات بی سوودەو هەر قیتاری دەسەڵات بە ویستی خۆی رێدەکات. بە داخەوە دەسەڵاتی کوردی دوای ئەزمونێکی درێژ لە حوکمرانی تا هەنوکیش نا زانێت ویست و پێداویستیەکانی خەڵك چییە و چۆن دەتوانن ئاسودەی بۆ دانیشتوانی وڵاتەکەیان دەستەبەر بکەن. کاتێك دەسەڵات ئاگای لە ئازار و داواکاریەکانی خەڵکەکەی نیە ئەوا خەڵك ناچار دەبن هەموو رێگایەك بگرنە بەر بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانیان جا بە خۆپیشاندان بێ، مان گرتن بێت یان لە قۆناغەکانیتر رێگایانێك بگرنە بەر کە ئیدی خەڵك بە هیچ شێوەیەك بەر پرسیار نیە بەرامبەر بە دەرەنجامەکانی هەرچەند دەسەڵات بە فێڵ و درۆکانی چەواشەیان بکات.

_ سوید

Zakaryamahmood@yahoo. com